### هونەرمەند عەبدولعەزیز سلێمان:

# ئەوەی سروودێک بڵێت لە ئاست گەورەیی ناوی پێشمەرگە نەبێت، نەیڵێت باشترە

**مامۆستای هونەرمەند عەبدولعەزیز سلێمان یەکێکە لە کەسایەتییە دیار و بەرچاوەکانی شاری زاخۆی دەلال و کوردستان بەگشتی، ساڵی ١٩٤٨ هاتووەتە دنیا، تا ئێستا تێکست و ئاوازی پێشکەش بە چەندین هونەرمەندی هەموو پارچەکانی کوردستان کردووە، دیارترینیان هونەرمەندان ئەردەوان و ئەیاز زاخۆیی بوون، لە دەرفەتێکدا بە پێویستمان زانی چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەین کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**



***ئەو سروودانەی ئێستا لەلایەن هونەرمەندانی کوردستانەوە پێشکەش دەکرێن، لەرووی ئاواز و هۆنراوە و وتنەوە لە چ ئاستێکدان و چۆنیان دەبینی؟**

- دیارە لە ئێستادا کوردستان رووبەڕووی دوژمنێکی دڕندەی سەرسەخت بووەتەوە کە بڕوای بە هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی نییە و هەڕەشە لە بوونمان دەکات وەك نەتەوە، هونەرمەندیش وەك تاکێکی سەرەکی و هەستیاری ئەم کۆمەڵگەیە زیاتر هەست بەمە دەکات و ئەرکی خۆیەتی لە شوێنی خۆیەوە دژی ئەم دوژمنانە بوەستێتەوە و بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان بکات، پێشمەرگە ناوێکی پیرۆزە و هەرچییەکی بۆ بکرێت لە ئاست ناو و پێگەی پێشمەرگە هەر کەمە، چونکە ژیان و بوونمان وەك نەتەوە و وڵات پەیوەستە بە پێشمەرگە، ئێمە رووبەرووی دوژمنێك بووینەتەوە کە لە مێژووی مرۆڤایەتی وێنەی کەمە لە دڕندایەتی، لەم کاتەشدا هونەرمەند بە سروود دەتوانێت

خۆشەویستیی خۆی بۆ کوردستان و پێشمەرگە دەربڕێت، بەڵام هەموو کەسێکیش هونەرمەند نییە کە ئێستا ئەم ناوەی لە خۆی ناوە بەجۆرێك مرۆڤ هەست بە شەرمەزاری دەکات کە بە هەندێکیان بڵێت هونەرمەند، بۆیە ئەوەی سروودێك بۆ پێشمەرگەش بڵێت دەبێ سروودەکە شایەنی ئەو ناوە بێت لەرووی ئاواز و تێکست و ئەداییەوە و تا چەند کاریگەریی هەیە، ئەگەر وا نەبێت نەگوترێت زۆر باشترە، بەڕای من هەموو کەسێك پێویست ناکات سروود بڵێت، چونکە زۆر لەو سروودانەی ئێستا پێشکەش دەکرێن مەرجە زانستی و ئەکادیمییەکانی سروودیان تێدا بەدی ناکرێت، با ئەو کەسە سروود بڵێت کە بە تەواوی کاریگەریی بەسەر پێشمەرگە هەبێت و ببێتە هۆی بەرز کردنەوەی وورەیان.

*** مەرجەکانی سروود چین بۆ ئەوەی هونەرمەندان زانیارییان لەسەر هەبێت و پەیڕەوی بکەن؟**

- سروود لە گۆرانیی ئەڤینداری، یان کۆمەڵایەتی جیاوازە، لەو کاتەدا دەوترێت کە ڕووداوێکی گرنگ و گەورە لە نێو میللەتدا هەبێت، وەك شۆڕشێك، یاخود پێشکەوتن، یان شەڕێك کە بە سەر میللەتدا سەپێندرابێت، بەجۆرێك ئەو کەسەی گوێی لێ بێت، وورەی بەرزتر بێتەوە و ئامادە بێت لە پێناو کێشە ڕەواکەی گیانی خۆی بکاتە قوربانی، بۆیە پێویستە تێکستەکەی زۆر بەهێز و کاریگەر بێت و بە وردی هەڵبژێردرابێت و شیاو ئەو ڕووداوە بێت کە بۆی وتراوە مێژوو سیاسی و خەبات و شۆڕش و کەلتوور و قارەمانێتی نەتەوەکەی لە سروودەکەدا ببینرێ و هەستی پێ بکرێت، ناکرێ هەر کەسێك بێتو تێکستی سروودێك بنووسێتەوە و کەسێکی ناسراو بێت کە ناو و سەنگی خۆی هەبێت، ئاوازەکەیشی دەبێ کاریگەریی لەسەر هەستی پێشمەرگە و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە هەبێت، ئەو کەسەی کە سروودەکە دەڵێت لە چ ئاستێکی هونەریدایە کە شایەنی ئەوەی بێت ئەو تێکست و ئاوازە پێشکەش بکات، ئایا مێژوو و ناوبانگی ئەو هونەرمەندە لە نێو میللەتدا لە چ ئاستێکدا، تەنانەت ڕووخساری هونەرمەندیش لە وتنی سروود زۆر گرنگە، هەروەها زۆر گرنگە ئەو سروودە چۆن تۆمار دەکرێت و دابەشکردنەکەی چۆنە، سروود خۆش و کاریگەر سەرنجی گوێگر ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی گوێی لێ بگرێت.

*** زاخۆ بە شاری هونەرمەندان ناسراوە لەسەر ئاستی کوردستان، ئێستاش بە دەیان هونەرمەند لەو شارەدا هەن، ئایا ئەوانەی ئێستا هەن توانیویانە شوێنی ئەیاز و ئەردەوان و هونەرمەندانی دیکە پڕبکەنەوە؟**

- دیارە هونەری کوردی لەسەر دەستی چەند کەسێکەوە بەردەوام بووە کە لە ڕۆژە تاڵ و سەختەکاندا بەرگرییان لە هونەری کوردی کردووە، بوونی هونەرمەندانیش بە بەردەوامی لە شاری زاخۆ، بەهرەیەکە خوای گەورە بەو شارەی بەخشیوە، بەڵام مستەحیلە هیچ هونەرمەندێك بتوانێت شوێنی ئەردەوان، یان ئەیاز بگرێتەوە، ڕەنگە لە زۆر ڕووەوە ئاستیان لەوان بەرزتر بێت، بەڵام کەس ناتوانێت شوێنی کەسی دیکە بگرێتەوە، ئەو ڕۆڵەی ئەیاز و ئەردەوان لە سەردەمی خۆیان بینییان بە جۆرێك بوو کە تا هەتایە کارەکانیان بە زیندوویی بمێنێتەوە لای هەر تاکێکی کورد و ئێمەش سەربەرزین پێیان.

*** کاریگەریی دەوروبەر لەسەر هونەری دەڤەری ئێوە هەیە؟**

- بێگومان نەك تەنیا لە دەڤەری ئێمە، بەڵکو ئەم کاریگەرییە لە سەرتاسەری کوردستان هەستی پێدەکرێت، پێشتر ئێمە تەنیا پشتمان بە کەلتوور و فۆلکلۆری خۆمان دەبەست بۆیە کارەکانمان پاك و بێگەرد بوو، ئێستا بارودۆخ گۆڕاوە بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە هونەرمەند دەتوانێت گوێ لە هونەری هەموو نەتەوەکانی دیکە بگرێت و تێکەڵ بە هونەری کوردیی بکات، هەروەها ئەوەندەی گرنگی بە چەندایەتی دەدەن ئەوەندە گرنگی بە چۆنایەتی نادەن کە ئەمەش هەڵەیەکی زۆر گەورەیە و زیانیش بە خۆیان و هونەری کوردیش دەگەیەنێت.

*** هیچ هۆکارێکی دیاریکراو هەبوو کە ئەم هەموو هونەرمەندە لە زاخۆ هەڵبکەون؟**

- من پێموایە ئەمە پەیوەندی بە خەڵکی شارەکەوە هەیە، لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول هونەریش لە زاخۆ پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، پێشتر محەمەد عارف و مریەم خان و حەسەن جزراوی هەبوون کە لە جزیرەی بۆتانەوە هاتن لە زاخۆش چەند هونەرمەندێك هەبوون تاهیری سەعید عەبۆ و مەجیدی عیسا، بەڵام لەو ئاستە بەرزە نەبوون کە لە سەرتاسەری کوردستان بناسرێن، بە گشتی وەك گوتم ئەمە پەیوەندی بە پەیوەست بوونی خەڵکی زاخۆوە هەیە بە دۆزە ڕەواکە، هەروەها هێرشە بەردەوامەکانی دوژمنیش بوونە ئەگەرێك بۆ برەودان بە هونەر، من لەبەر هۆکاری سیاسی دوورخرامەوە بۆ باشووری عێراق، ئەم دوورخستنەوەیە بووە هۆی ئەوەی کە هەستی خۆم بەرامبەر بە وڵات و ئەو دۆخە دژوارەی تێیکەوتین لە ڕێگای شیعرەوە دەری ببڕم، هەروەها سروشتی جوانی زاخۆ و ڕووباری خابوور و هەڵکەوتەی جوگرافیی کە نزیکە لە جزیرەی بۆتان کە لە هونەردا زۆر پێشکەوتووە، ئەمانە هەموویان ئەگەر بوون بۆ دەرکەوتنی هونەرمەندی بە توانا لەو شارە و هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە کە هەندێك کەس پێیان وایە ئاوی خابوور هۆکارێکە بۆ دەنگخۆشی خەڵکی زاخۆ، هەروەها بۆ مێژوو دەیڵێم چۆن کوردایەتی و نیشتمانپەروەری بەستراوەتەوە بە ناوی (بارزانی) یەوە و هۆکارێك بووە بۆ ناساندنی میللەتی کورد لەسەر ئاستی جیهان، بە هەمان شێوە ئەگەر ئێمە چەند کەسێك نەبووینایە ئەوا ئەم هەموو هونەرمەندە لەو شارە دەرنەدەکەوتن.

*** تا چەند لە ئاستی هونەرمەندانی زاخۆ ڕازیت؟**

- من هاوکاری زۆر لە هونەرمەندانم کردووە و تا ئێستا گۆرانیم داوەتە ٦٣ هونەرمەند، بەڵام لە ئاستی هەموویان ڕازی نیم، هەندێکیان لە ئاستێکی زۆر باشدان و لێیان ڕازیم، بۆ نموونە ڕێکیش یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە چاوەڕێی داوڕۆژێکی باشی لێدەکرێت، کەسێکی بەتوانایە لە ڕووی دەنگ و ڕەوشتی و کەسایەتییەوە و پێشبینی دەکەم بگاتە ئاستی ئەردەوان و ئەیاز، حاجی زاخۆیی خاوەن دەنگێکی زۆر خۆشە، بەڵام خەریکە گەورە دەبێت، عەبدولقەهار خاوەن دەنگێکی زۆر خۆشە، بەڵام بەداخەوە خۆزگە گوێی لە ئامۆژگارییەکانی من دەگرت، چەندین هونەرمەندی دیکەشمان هەیە لە ئاستێکی بەرزدان، خۆزگە پەیمانگایەکی هونەرە جوانەکان لە زاخۆ بکرابایەوە بۆ لە خۆگرتنی ئەم هەموو هونەرمەندانە.